# سبەینێ دەبینیت چی ڕوودەدات!!!

باوکی ئیپراتۆر

لێرەبەتەنیادەژیم ..!
تاکەکەس خەمی دروست کردنەوەی دونیای لەئەستۆیە،
ئاسودەگی تاکەکەس هیچ لەخەمی هاوڕێکەی ناگۆڕێت،
خەمی تاکەکەس خەندەی سەرلێوی پیرێژنەکەی دراوسێت کاڵناکاتەوە،
خەون بەئازادییەکی فەردیەوەدەبینێت تاکەکەس،
بۆمسۆگەرکردنی سبەینێ دەست خەرۆیە
لەتەنیشت درەختێکدا خەیاڵ بەخۆشبەختییەکی فەردیەوەدەیگرێت
گریانی تاکەکەس مانایەک نابەخشێتەشار.
لێرە،تاکەکەس
لەخۆیدادەچێنرێت
لە خۆیدا سەوز دەبێت،
لەخۆیدا دەپشکوێت ،
لەخۆیدادەپوکێتەوە .
من نازانم هاوڕێکەم ئەمشەوخەوی بەچییەوەبینیوە،
ئەویش نازانێت ئەمشەوخەیاڵم لەکوێڕابەرەڵایە.
لەڕاستیداکێشەی ئێمەخۆجیاکردنەوەیەلەیەکتر
من لەم ماڵەگەورەیەی خۆمدا هێندەبەدوای خودی خۆمدا گەڕاوم،
دەرگاوپەنجەرەو دیوارو بالیفەکەم بێزارن
سەیرنییە بەلامەوە ،زۆر شەو بەڕوتی دەخەوم
چونکەدەترسم ڕەنگی جلی خەوەکانم لەوەکەی پیاوەکەی فیلمەکەبکات.
ئێمەبەهایەک نامان باتەزانکۆ،
خەونێک نامان هێنێتەسەردەریا،

پەیمانێک دەستمان ناگرێت بۆکار،
عەشقێک ڕامان ناکێشیتەسەر پیاسەی شەقامێک و
دیدەنییەکی تەڕوبڕی بازاڕ.
ئەوەی هەیە،
ئەوبەهابچوکانەن تاکەکەس دروستیان دەکات بۆخۆی،
ئەوخەونەباڵدارانەن، تاک وەک پاڵەوانی تاکوتەنیابەخۆیەوەدەیان بینێت.
فەرد ڕۆژانە پەیمانەکان دەبەستێت و هەڵیان دەوەشێنێتەوە،
بەکورتی،تاکەکەس وجودی نییەچوونکە من تاکەکەسم.
کێشەی گەورە ئەوەیەفەراغت نەبێت بەشتێکی ترپڕیکەیتەو،
کاتێک دەڵێم شتێکی تر
مەبەستم باوەڕبوونەبەهێزێک،
کەمەحکوم نییەبەناسینی وجودی تۆ!
خەڵکێک هەیەڕەنگەبڵێن ئەم پیاوەشیعر دەڵێت!!
خۆشییەکەی لەوەدایە من هەست ناکەم خەڵکێک هەیە،
چونکەتۆدەرەنجامی خەیاڵی خواهانەی منیت لەئەزەلەوە،
هەرچی بڵێیت لەمندائەپوکێتەوە!!
سەیرە!من نازانم چی ڕویداوە؟
سیرنییەئەزانم چی ڕودەدات!!
ڕوداو،دەرەنجامی بیرکردنەوەوخەیاڵی تاکەکەس نییە،
یانی خۆتاکەکەس ساحیرنییە ڕوداوبخولقێنێت،
بەڵام هەنگاوێکی گەورە ئەگەر ڕوداوی نەخستەوە
کەواتەتۆهێشتالەجێی خۆتیت.
فڕینێکی قوڵ،ئەگەرڕوداوی جێنەهێشت،
واتەتۆهێشتاوێنەی ناوتابلۆخەیاڵییەکەی!
ڕونتربڵێم ئەگەرزانیت جوملەیەکت کتێب خانەیەک ناترسێنێت،
بێگومان نازانیت چێ ڕویداوە!
بەڵام خۆدەبێت بزانیت چیرودەدات!!
بەدرێژایی ئەمرۆژانە،
لۆمەی خۆم دەکەم .

زۆرجارلەخۆم دەپرسم
چۆن هێندەچالاک بوم لەهەڵدانی ئاسمان وەک چەتر؟
چۆن هێندەکارامەبوم گەردگەرد بەخوێنم گۆی زەویم دروست کرد؟
هۆشی من چۆن هێندەبریقەداربووکەونم ڕۆشن کردەوە؟
ئەوهەموو دەریایەم چۆن بەچاوم بۆگوێزرایەوە؟
ئەوهەموو شاخ ونزارەم چۆن بەشان ڕاکێشا؟
سەیرەبەلامەوە ڕۆحم حەوسەڵەی دروستکردنی
ئەوهەمووئەستێرەیەی هەبێت!
کەی دڵم تاقەتی ڕازیکردنی ئەوهەمووباڵندەو ماسی وگوڵانەی هەبووە؟
زمانی من چۆن ئەوهەمووشۆخەی فریوداو
یەک یەک هەڵیگرتن بۆئێرە؟
چۆن گیام پێ ژێرکرایەوە؟
چۆن خەندەم بۆفڕێدرایەسەرلێوی بەهار؟
من چۆن سەلیقەی ئەم نەخشانەم هەبوو؟
من گلەیی زۆرم هەیەلەئێستای خۆم !
ئەزانم ئەوڕۆژەی هاتمەدونیا بەرواری دروست بونی من و دونیابوو!!
مێژوی مردنی تۆوخودا ئەمرۆیەئەگەرنازانیت .
نهێنییەکی گەورەم لایەلێرەدانای درکێنم!
بەڵام سبەینێ دەبینیت چی ڕوددات.!